# ماناى تەوسل و جۆرەكانى

﴿ التوسل وأنواعه ﴾

[ كردي – كوردي – kurdish ]

**موفتى :** دەستەى بەشى زمانى كوردى لە ماڵپەڕى ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەى :**پشتیوان سابیر عەزیز

2010 - 1431

islamhouse.com

# ﴿ التوسل وأنواعه ﴾

« باللغة الكردية »

إفتاء : فريق القسم الكردي بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2010 - 1431

islamhouse.com

# ماناى تەوسل و جۆرەكانى

**پرسيار :** ماناى ( التَوَسُل ) چيه ؟ وه ئــايــا جۆرەكانى (تَوَسُل) كامانەن وكاميان جائيزه و كاميشيان دروست نيه ؟

**وەڵام :** (التَوَسُل ) واته : خۆ نزيك كردنەوه لەخواى گەوره و بەدەسەڵات به بەجێهێنانى فەرمانەكانى و دوور كەوتنەوه له قەدەغەكراوەكانى، بەپێى ئەوەى كه بۆ پێغەمبەرى خودا ( صلى الله عليه وسلم ) هاتووه، بەمەرجى بوونى ئيخلاص ودڵسۆزى بۆ خواى گەوره لەكارەكانتدا .

(تَوَسُل) يش دوو جۆره :

يەكەم : رەوايەو جائيزه كه بكرێت ئەمەش سىَ جۆرن:

١ـ (تَوَسُل) بەناو سيفەتەكانى خودا بۆ لاى خودا.

٢ـ (تَوَسُل) بۆ لاى خودا بەكردەوەى چاكه، وەك بەسەرهاتى سىَ كەسى ناو ئەشكەوتەكە.

٣ـ (تَوَسُل) بۆ لاى خودا به دوعاى موسڵمانى چاكى زيندوو كه گومان وايه دوعاى گيرابێت، وەك ئەوەى داوا لەموسڵمانێكى صاڵح بكەيت كه دوعاى خێرت بۆ بكات، بەو مەرجەى كه لەژياندا بێت، نەك مرد بێت .

دووەم: جائيز نييه و حەرامه، كه دوو جۆره:

١ـ داوا كردن له خودا به جاهى پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) يان پياوچاك وەك بڵێى: خودايه داوات لێدەكەم به جاهى پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) يان به جاهى ئيمامى حوسەين يان بەجاهى فڵان شێخ بۆ نموونه، راسته جاهو حورمەتى پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) لاى خواى گەوره زۆر گەورەيه، بەڵام هاوەڵان كه زۆر سوورن لەسەر چاكه كاتێك بىَ بارانييان تووش بوو دوعايان نەكرد بەجاهى پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) ئەگەرچى گۆڕەكەشى لەناوياندا بوو، بەڵام داوايان كرد له عەبباسى مامى پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) كه دوعايان بۆ بكات.

٢ـ داواكردنى شت له خواى گەوره به سوێند خواردن به پياوچاكان وەك بڵێى: داوات لىَ دەكەم خوايه به فڵان كەس يان به حەقى فڵان كەس، ئەمه رەوا نييه، چونكه سوێند خواردنه به غەيرى خودا كه جائيز نييه و داواكردنه به هەقى بەندەيەك

که ئەو بەندە هیچ هەقێکی نیە لەسەر خودا، چونکە تەنها بە هۆی ئەوەوە کە بەندەیەك عیبادەتی خودا دەکات نابێتە خاوەن هەق لەسەر خوا.

خوای گەورەش زاناترە .